ص:103-117 المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# گرنگی و تایبەتمەندیی چیرۆکی منداڵان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا پۆلەکانی (4،5)ی بنەڕەتی بە نموونە

پەیمان عوسمان ڕەسووڵ[1]، گوڵاڵەصالح مراد[2]

[1]بەشی پەروەردەی گشتی، زانکۆی جیهان-سلێمانی، سلێمانی، عێراق
[2]بەشی زمانی کوردی، زانکۆی چەرمۆ، سلێمانی، عێراق

Email: payman.rasull@sulicihan.edu.krd[1], gulala.salih@chu.edu.iq [2]

**پوختە:**

هەر سێ کتێبە ئاسمانییەکان (تەورات - ئینجیل- قورئان) بە چیرۆک دەستیان پێکردووە، بەشی زۆری پێکهاتەی هەر سێ کتێبەکە چیرۆکە، کەواتە چیرۆک لە دروستبوونی کەسایەتیی مرۆڤدا بە گەورە و بچووکەوە دەورێکی گرنگی هەیە، بەڵام بەتایبەت باسکردن و گێڕانەوەی چیرۆک بۆ منداڵان کاریگەریی زیاتری لە سەر هەست و نەستیان هەیە بەراورد بە دونیای گەورەکان، چونکە منداڵان خاوەنی هەست و ویژدانێکی خاوێن و پاکن، لەگەڵ نارێکی و خراپییەکانی دنیا کارلێکیان نەکردووە. چیرۆک گێڕانەوە بۆ منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی بەتایبەت پۆلەکانی چوار و پێنج، کارێکی پێویست وگرنگە، یەکێکە لەفاکتەرە کاریگەرەکانی ناو پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن، لەبەرئەوەی منداڵ ناتوانێ گوێ لە ئامۆژگاری و وتاری مزگەوت و سیاسییەکان بگرێت، دەبێ هەرشتێک مەبەستت بێت بیخەیتە ناو دڵ و دەروون و هەست و بیرکردنەوەی منداڵەوە، بەشی زۆری دەبێت لەڕێگای چیرۆکەوە بێت، هەروەها چیرۆک بیر و خەیاڵی منداڵ فراواندەکات و وای لێدەکات دنیا بەجۆرێکی جوانتر ببینێت. دنیای منداڵان دنیایەکی پاک وبێگەرد و جوانە و پڕییەتی لەخەونی ڕەنگاوڕەنگ، وەکو دنیای گەورەکان وشک و ڕەقو تەق نییە و دنیایەکی ئەرخەوانی وپڕتام وچێژە! هەموو کۆمەڵگاییەک ڕێگایی جیاواز دەگرێتە بەر، بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، بەڵام هەموو کۆمەڵگاکان، لەسەر ئەوە کۆکن کە چیرۆک باشترین ڕێگاییە بۆ پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن.

**کلیلە وشە:** چیرۆک، پەروەردە و فێرکردن، منداڵ، خەیاڵ، ئامۆژگاری.

**الملخص:**

تبدأ الكتب السماوية الثلاثة (التوراة والإنجيل والقرآن) بالقصص، ومعظم تلك الكتب الثلاثة تعتبد قصصا، لذا تلعب القصص دورًا مهمًا في تكوين شخصية الإنسان، سواء كانت كبيرة أو صغيرة. ومع ذلك، فإن رواية القصص للأطفال لها تأثير أكبر على عواطفهم مقارنة بعالم الكبار، لأن الأطفال لديهم ضمير صافيا ولم يتفاعلوا مع مخالفات العالم. إن رواية القصص لأطفال المدارس الابتدائية، وخاصة في الصفوف للصيف الأول والثاني والثالث، ضرورية ومهمة للغاية وتعتبد وأحد العوامل الأكثر تأثيراً في العملية التربية و التعليم. الأطفال لا يستطيعون الاستماع إلى النصائح والمواعظ من المساجد والسياسيين. كل ما تريد غرسه في قلوب الأطفال وعقولهم ومشاعرهم وأفكارهم يجب أن يكون إلى حد كبير من خلال القصص. وتساعد القصص أيضًا على توسيع خيال الطفل وتجعله يرى العالم بشكل أكثر جمالًا. عالم الأطفال هو عالم نقي وجميل مليء بالأحلام الملونة، وليس كعالم الكبار الذي ينصق بالجفاف و اقسوة، بل هو عالم رائع وملون! إن القائمين على التعليم يجب أن يكونوا خبراء، وهذا لا يعني أن من يصبحون مربين يجب أن يكونوا أكاديميين ووصلوا إلى هذا المستوى من خلال درجات هذا النوع من التعليم في بلادنا ودول الشرق الأوسط، بل يجب أن يكون تعليمهم مختلطًا ويعرفون كيف كيفية التعامل والتحدث مع الأطفال، وكيفية فتح قلوبهم وعقولهم وأذهانهم وإعدادهم والقدرة على خلق الأحلام لهم، وجعلهم أشخاصًا سعداء ولطفاء و هادفين.

**الكلمات المفتاحية:** قصص، الأطفال، التعليم، الخيال، نصيحة.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

All three heavenly books (Torah, Gospel and Qur'an) begin with stories. Most of the three books are stories, so stories play an important role in the formation of human personality, both large and small. However, telling stories to children has a greater impact on their emotions than the adult world, because children have a clean conscience and have not interacted with the irregularities of the world. Storytelling for primary school children, especially in grades one, two and three, is very necessary and important and one of the most influential factors in the education process. Because children cannot listen to advice and sermons from mosques and politicians. Whatever you want to instill in children's hearts, minds, feelings and thoughts must be largely through stories. Stories also expand a child's imagination and make him see the world more beautifully. Children's world is a pure and beautiful world full of colorful dreams, not like the world of adults dry and hard and cracked and a wonderful and colorful world! Those who are responsible for education must be experts. This does not mean that those who become educators must be academics and have reached this level through the grades of this type of education in our country and Middle Eastern countries Mix their upbringing and know how to behave and talk to children, how they can Open their hearts, minds and minds and prepare them to create dreams for them, make them happy, gentle and purposeful people.

**Keywords:** Children's stories, Education, imagination, advice.

## پێشەکی

لە هەموو کۆمەڵگایەکدا پەروەردە لەناو خێزان و قوتابخانە، تەنانەت لە دەرەوەش گرنگی و بایەخی خۆی هەیە. هەمیشە هەوڵی یەکەم بووە بۆ پەرپێدانی منداڵ، چونکە منداڵان نەوەی داهاتوو وسامانی میللەتن، بۆ ئەوەی ببن بە کەسێکی سەرکەوتوو پێویستە پەروەردەیان باش بێت.پێویستە ئەم پرۆسەیە لەگەڵ سەردەم و قۆناغ گۆرانکاریی بەسەر دابێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاستی گەشەو تیگەیشتنی منداڵ بگونجێت. هەموو کۆمەڵگاییەک ڕێگایی جیاواز دەگرێتەبەر، بۆ پەروەردەکردنی منداڵ، بەڵام هەموو کۆمەڵگاکان کۆکن لەسەر ئەوەی چیرۆک باشترین ڕێگایە بۆ پرۆسەی پەروەردەکردن، بەم ڕێگایە منداڵ هەم فێردەبێت و هەم چێژیشی پێدەبەخشێت، لە سەردەمی ئێستادا لە زۆربەی کۆمەڵگاکان دایکان و باوکان چیرۆک بۆ منداڵەکانیان دەخوێنەوە بەتایبەتی پێش ئەوەی بخەون، منداڵانیش لەگەڵ چیرۆکە چێژبەخشەکان خەویان لێدەکەوێت. ئەم توێژینەوەی ئێمەش بەناوی (**گرنگی و تایبەتمەندیی چیرۆکی منداڵان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا پۆلەکانی (5،4)ی بنەڕەتی بە نموونە**)هەوڵێکە، بۆتوێژینەوە لە پەروەردە وکاریگەری لەسەر منداڵ.

## سنووری توێژینەوەکە

توێژینەوەکەمان تایبەتە، بەچیرۆکی کوردی، لەناو چیرۆکی کوردیش،چیرۆکی پەرتووکی قوتابخانەکان بۆ پۆلی (چوار و پێنج)بنەڕەتیمانمان هەلبژاردووە، چونکە ئەم چیرۆکانە کاریگەریان لەسەر پەروەردە وفێرکردنی منداڵ هەیە لە ئیستا و داهاتوو.

## هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە

لەبەر گرنگی و پێزانینی بابەتەکە، لە گەشەپێدان و پێگەیاندنی هزری منداڵان،لە هەموو لایەنەکانی پەروەردەیی، تەندروستی، هۆشیاری، هەروەها زانینی کاریگەرکانی چیرۆک بەپێی سیستەمی پەروەردە لەسەر گەشەکردن و فێرکردنی مندڵان، بەمەبەستی پێگەیاندنی نەوەیەکی سەرکەوتوو، لە پێناو خزمەتکردنی نیشتیمان و کۆمەڵگەکەی لە داهاتوودا، بۆیە بە پێویستمان زانی توێژینەوەی لەسەر بکەین. هەروەها نیشاندانی ئەو لایەنە گرنگەی چیرۆکی منداڵانە، کە دەتوانێت ئاڕاستەی ڕەفتار و هزری منداڵ بکات بەرەو ژیانێکی داهێنەرانە و تەندروست.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**کێشەی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە کارکردنە لەسەر چیرۆکی منداڵان و کاریگەری لەسەر پەروەردەی منداڵ. لێرەدا، وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەینەوە، کە ئایا چیرۆکی منداڵان دەتوانێت ڕۆڵی پەروەردەیی گرنگ ببینێت، بۆ گۆڕینی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتی منداڵان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی تەمەنیدا، هەروەها بۆسەلماندنی کاریگەری چیرۆک لەسەر ئاستی پەروەردە. لە ڕێگای ڕاپرسییەوە وەڵامی ئەو پرسیارمان داوەتەوە.

**میتۆدی توێژینەوە**

مێتۆدی توێژینەوەکەمان بریتییە لە (پەسنی شیکاری) بەوەی لە ڕووی تیۆرییەوە چەمکەکانمان ڕاڤەو پەسنکردووە، پاشان دەقەکانمان لەناو کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی شیکردووەتەوە.

**پێکهاتەی توێژینەوە**

پێکهاتەی توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکدێت.بەشی یەکەم تیۆرییە، بەناونیشانی (سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی چیرۆکی منداڵان و پرۆگرامی خوێندن)، ئەم بەشە لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، **تەوەرەی یەکەم:-** چیرۆکی منداڵان، بنەما و گرنگییەکەی.**تەوەری دووەم:-** گرنگی چیرۆکی منداڵان لە پرۆگرامی خوێندندا.

**بەشی دووەمیش** بەشێوەی پراکتیکە، کە لەدووتەوەر پێکهاتووە، **تەوەری یەکەم:-**بەناونیشانی (ڕەهەندە پەروەردەییەکانی چیرۆکی منداڵان) ئەوانیش گەشەکردنی لایەنی(ڕۆشنبیری،خەیاڵی،بونیادی کەسێتی، زمان) **تەوەری دووەم:- لایەنی مەیدانی، خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکان**، بە پراکتیکردنی کتێبی خوێندنگاکان(ڕێزمان و ئەدەبی کوردی ).

**بەشی یەکەم: سەرەتایەکی تیۆری لەبارەی چیرۆکی منداڵان و پرۆگرامی خوێندن**

**تەوەرەی یەکەم: چیرۆکی منداڵان، بنەما و گرنگییەکەی**

**١. پێناسە و سەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵان**

قۆناغی منداڵی، یەکێکە لە قۆناغە هەرە کاریگەرکانی ژیانی مرۆڤ، هەمیشە منداڵ بەبێ بیرکردنەوە کار ئەنجامدەدات، تەنانەت ئەگەر دایک و باوکیشی ڕێگری لێبکەن. بۆ جیاکردنەوەی شتی باش و خراپ، پەروەردەکردن و دابینکردنی ئارامی دەروونی منداڵ پەرتووک، بەگشتی و چیرۆک بەتایبەتی باشترین ڕێگایە، زۆر جار منداڵ هەڵەدەکات دایکان و باوکان لە ڕێگایی چیرۆک هەوڵدەدەن هەڵەکەی پێ ڕاستبکەنەوە، بۆ ئەوەی دووبارە ئەنجامی نەدەنەوە، بۆیە منداڵان هەمیشە حەز بە چیرۆک خوێندنەوەدەکەن، وەکو لای لایەی دایک وایە پێش خەوتن، بەهۆیەوە خەویان لێ دەکەوێت.هەر وەک (علی أکبر شیعاری) بەم شێوەیە پێناسەی چیرۆکی منداڵانی کردووە و دەڵێت:((چیرۆکی منداڵان بریتییە لە چۆنیەتیی دەربرین و دەرخستنی هەست و سۆز و بیر بەهۆی وشەوە، لە شێوەی وێنەی جیاواز، بەمەبەستی پێگەیاندنی و چێژ و خۆشی بەخشین بە منداڵ.))(**ئیبراهیم،١٣٨،٢٠٢٣**) کەواتە دەقی چیرۆکی منداڵان دەقێکە گوزارشت لە دونیای منداڵان دەکات، خەون و ئارەزووی تەواو وێنادەکات. ئامانج لە چیرۆکی منداڵان پەروەردە و فێرکردن و دروستکردنی کەسایەتی منداڵە. گێرانەوەی چیرۆک بۆ منداڵ پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکی سادەیە، کە بتوانێت لێیتێبگات،هیچ پرسیار لە مێشکیدا دروست نەکات، نەوەکو بەکارهێنانی زمانێک، کە بۆ گەورەکان گوترابێت.هەڵبەتە چێژوخۆشییش ڕێگایەکە بۆئەوەی منداڵ زیاتر حەز بە چیرۆک بکات و هەمیشە چیرۆک بخوێنێتەوە یان بۆی بگێردرێتەوە.

(ڕەزا شوانیش) بەم شێوەیە پێناسەی چیرۆکی منداڵانی کردووە((چیرۆك گرنگترین هۆکاری پەروەردەیە، یارمەتییەکی زۆری پێگەیاندنی منداڵان دەدات و ئاسۆیەکی ڕۆشنبیری و زانیاریی نوێیان بۆ واڵا دەکات.)) (**شوان،٢٠١٦،سایتی مێژووی کورد**) هەرچەندە بۆ پەروەردەکردنی منداڵان فاکتەر و ئامرازی زۆرمان هەیە، بەڵام ڕەنگە چیرۆک باشترین و سەرکەوتووترینیان بێت، چونکە چیرۆکی منداڵان مامەڵە لەگەڵ هەست و سۆزیان دەکات، بیرکردنەوەیان وێنا دەکات، بۆ پەروەردەکردنی منداڵ بەدروستی،کە بتوانێت لە داهاتوودا بچێتە ناو کۆمەڵگا و سودی هەبێت ئەوا چیرۆک ڕێگایەکی گونجاوە، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێت منداڵ فێری ڕێزگرتن بکەین، ئەوا ئەو چیرۆکانەیان بۆ بگێردرێنەوە کـە باسی ڕێزگرتن دەکەن، وەک ڕێزگرتن لە دایک و باوک، کەسانی بەتەمەن، یان هاو تەمەنەکانیان، گێرانەوەی چیرۆکی خۆشویستنی ئاژەڵان و ئازار نەدانیان،پاک ڕاگرتنی ماڵ و شوێنە گشتییەکان. ئەمانە و زۆری تر وا لە منداڵ دەکات سودیان لێ وەربگرێت.لە کتێبی (دیداری ئەدەبی منداڵاندا) بەم شێوەیە پێناسەی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

چیرۆکی منداڵان کراوە،(( دەبێت بە زمانێکی سادە بخرێتەڕوو، کە منداڵ حەزی پێبکا و لێتێبگا و حەزی خوێندنەوەی لا دروست ببێت،ئەمەش بەوە دەکرێ، کە بابەتەکان سەرنجی منداڵان ڕابکێشن و چێژی لێوەربگرن.))(**کۆمەڵێک نووسەر، ٣٧،٢٠٢٢**)دەبینین لەم پێناسەیەدا زیاتر لەسەر لایەنی فۆرمی چیرۆکی منداڵان کارکراوە، وەکو لەپێشتردا باسمانکرد لایەنی ناوەرۆکیش گرنگە وەکو باسکردن و پاک وخاوێن ڕاگرتنی ماڵ و شەقام، و پاکوخاوێنی و دەیان بابەتی دیکە.ئەگەر ئەم بابەتانە بەفۆرمێکی تایبەتی و سادە دەربنەبڕێت، ئەوا منداڵ لێیان تێناگات. زمانی ڕوون و سادە هەم دەبێتە تایبەتمەندیی چیرۆکی منداڵان.هەم ئاسانکاریی بۆ تێگەیشتن دەکات. چەند ئەو زمانەی کە بۆ گێڕانەوەی چیرۆک بەکاردەهێنرێت ڕەوان بێت، منداڵ زیاتر ئارەزوو بە چیرۆک دەکات مرۆڤ لەتەمەنی منداڵیدا بیرکردنەوەی و فەرهەنگی وشەی تا ڕادەیەک سنوردارە ناتوانێت لە هەموو جۆرە وشەیەک تێبگات. ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە، کە منداڵ فێری وشەی نوێ نەبێت، وشەکان نەناسێت، بەڵکو تەنها ئەوەیە کە قۆناغی تەمەنی هێشتا زووە بۆ ئاشنا بوونی بە وشە قورسەکان لەداهاتوودا بە پێی ئاستی گەشەسەندی، ئەم وشە قورسانەی لا دەبن بە وشەیەکی سادە و ساکار.

(صابر، ڕازاو ڕەشید )جیاواز پێناسەی چیرۆکی منداڵانی کردووە و دەڵێت((چیرۆک ڕۆلی گرینگ دەگێڕێت لە پەروەردەی کۆمەلایەتی منداڵ و دروستکردنی کەسایەتیەکی دروست و جوان کە قابیلی شانازیپێکردنی کۆمەڵ بێت،توانای خۆ گونجاندنی هەبێت لەگەڵ دەوروبەردا.))(صابر، ڕازاو ڕەشید،٧٩،٢٠١٠) گێڕانەوەی چیرۆکە کۆمەڵایەتییەکان بۆ منداڵان ڕێگاییەکە بۆ ئەوەی منداڵ حەز بە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ خێزان، هاوڕێ و خزمان و دراوسێکانی بکات، ئاشنایی داب و نەریت و کلتوری کۆمەڵگاکەی ببێت، یارمەتی خەڵک بدات، بۆ نموونە گێرانەوەی چیرۆکی ئەو کەسەی کە نابینایە یان خاوەن هەر پێداوێستیەکی تایبەت بێت، کە دەیەوێت لە شەقام بپەڕێتەوە، منداڵێک یارمەتیی دەدا.ئەمەش وا لە منداڵەکانمان دەکات کە هەمان ئەم کارەی ئەو منداڵەی ناو چیرۆکەکە کردی،بیکەن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی منداڵ هەمیشە پەیوەندییە کۆمەلاییەتیەکان بپارێزێت. (کەمال عەبدوڵڵا)ش بەم شێوەیە پێناسەی چیرۆکی منداڵانی کردووە،((چیرۆک بیروخەیاڵی منداڵ فراوان دەکات و وای لێدەکات دنیا بەجۆرێکی جوانتر ببینێت. ))(**عەبدوڵا، ٢٠٢١،سایتی پەیسەر**). بەهۆی ئەوەی منداڵ هەمیشە خاوەن دەروونێکی پاک و بێگەردە، بۆ ئەوەی دونیا بەجوانی ببینێت، چیرۆک ڕێگاییەکە کە هەمیشە هەست بە دڵخۆشی بکات، لە کاتی گێرانەوەی چیرۆک، منداڵ خەیالی ڕووداوەکان دەکات دونیایەک لە مێشکیدا دروست دەکات، بۆیە واگونجاوە، کە ئەو چیرۆکانەی کە هەستی ترس و دلە ڕاوکێ،یان جۆرێک لە نەخۆشی دەروونی دروست دەکەن نەگێردرێنەوە، بۆ نموونە گێرانەوەی چیرۆکێک کە باسی دارستانی دڕکاوی و جەنجاڵ و دەنگی گورگ دەکات،وا لە منداڵ دەکات، لە کاتی تاریکیدا بترسێت تەنانەت زۆر جار دەبێتە هۆی میزبەخۆداکردن.

لە پێناسەیکی تردا ((چیرۆکە پرسوود و ئامۆژگارییەکانی منداڵان ئەدەبێکە منداڵ فێری ڕەوشتی جوان و بەهاداری و ئادگاری پەسەند دەکات،هەمیشە منداڵ بەرەو ڕێگایەکی ڕاست و دروست دەبات.)) (**ئیبراهم،٢٠٢٣،١٤٧**) نیشاندانی ڕێگای ڕاست بە منداڵ، ناکرێت لە ڕێگای زمانێکی ڕەقو وشک بێت. وا لە منداڵ بکات بایەخ بە ئامۆژگاریەکە نەدات، بەڵکو پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکە کە وا بکات منداڵ حەز بە گوێگرتنی بکات و بیر لەوە بکاتەوە کە هەڵەی کردووە.بۆ نموونە کاتێک منداڵ لە کاتی تاقیکردنەوەی قوتابخانە ناخوێنێت و پەنا بۆ گزی دەبات.کاتێک دایک و باوک بەمە دەزانن نابێت لێدان یاخود جنێو یان بێبەشکردنی منداڵ لە هەندێک شت سزای بدەن، چونکە ئەمە نابێتە هۆی ئەوەی منداڵەکە هەڵەکەی ڕاستبکاتەوە، بەڵکو زیاتر پێداگر دەبێت و دوبارەی دەکاتەوە، بەڵام لە ڕێگای گێرانەوەی چیرۆکێک کە پەیوەندی بەو بابەتەوە هەیە،باسکردنی دەرئەنجامەکەی وا لەمنداڵ دەکات بیربکاتەوە و هەوڵدەدات ئەو ڕێگاهەڵەیە دووبارەنەکاتەوە. دەتوانیین بڵێین چیرۆک کۆنترین جۆری دەربڕینی هونەری و ئەدەبییە،هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە هەبووە و هەیە.

((ئەدەبی منداڵان لەو کاتەوە بوو کە داپیرەکان لە گوێی ئاگردانی شەوانی زستان دەستیان دەکردە، بەگێرانەوەی چیرۆک و هەقایەتی سەرنجراکێش،ئەدەبی منداڵانیش پێویستی بەوە هەبووە لە ڕێگای گێرانەوە، کەپشتاوپشت کوڕ لەباوکیەوە و کچ لە دایکیەوە، بە چیرۆک و هەقایەت و لای لایە و گۆرانی و ئەفسانەو نوکتە و پێکەنینەوە بووە.)) (**صابر، ڕشید،2010-١٣**).

مرۆڤ لەسەرتای ژیانیدا کاتێک بۆ ڕاودەچوون، دیمەنێکی سەیر و سەمەرەیان ببینیایە کاتێک دەچونەوە ناو ئەشکەوتەکان یان ماڵەوەیان بۆ خێزان و منداڵەکانیان لەسەر شێوەی چیرۆک دەیانگێرایەوە، بەڵام نابێت ئەم خاڵەمان بیرچێت کە ئەو کاتە ئەو چیرۆکانە تایبەتمەندنەبوونە بە منداڵانەوە، واتە کاتێک کەسەکە لەڕاو گەڕاوەتەوە بەمەبەستی پەروەردە و پەند و ئامۆژگاری ناو چیرۆک و ڕووداوانەی لەو ڕۆژەدا بەسەری هاتووە، نەگێڕاوەتەوە بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی باسی ڕووداوەکانی کردووەکە منداڵەکان هەمیشە بە تامەزرۆیەوە گوێیان بۆ دەگرت، بەڵام ئە دەربڕینە چیرۆکانە هیچ بنەما و تایبەتمەندییەکی چیرۆکی منداڵانی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

تێدا نەبووە، بۆیە بە چیرۆکی منداڵان دانانرێت، بەڵام هۆکارێک بوون بو سەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵان.دواتر لە شەوانی زستان دوورودرێژی شەو دایە گەورە بابە گەورە، کۆمەڵێک منداڵ لێیان کۆدەبوونەوە،دەستیان دەکرد بە گێڕانەوەی چیرۆک بە( هەبوونەبوو کەس لەخوا گەورەتر نەبوو) دەستیان پێدەکرد. نموونە چیرۆکی گورگ و بزن،ڕێوی دز و.......چەندانی تر، کە منداڵانیان دەخستە پێکەنین و دڵخۆشیان دەکردن.زۆربەی ئەو چیرۆکانەی کە دەیانگێرایەوە لە بنەڕەتدا چیرۆکێک بوون بۆ گەورەکان بەڵام بەهۆی ئەوەی زمانێکی سادەو بە دەستکارییکردن کە لەگەڵ توانایی منداڵان بگونجێت، دەیان گێرایەوە.((شانازی مێژووی سەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵان بۆ گەلێکی دیاریکراو ناگەڕێتەوە، هەموو گەلانی دونیا لە ڕێی ئەدەبی سەرزاریەوە،چیرۆکی منداڵانیان هەیە و شانازی بە فۆلکلۆر و کەلپوری ڕۆشنبیریی خۆیان دەکەن.))(**شوان،۲۰۱7،سایتی مێژووی ئەدەبی منداڵان**) گێرانەوەی چیرۆک لە سەرەتایی ژیانی مرۆڤەوە بە شێوەیی زارەکی بوو. دەما و دەم و پشتا و پشت نەوە دوایی نەوە گێردراونەتەوە. لە ئەنجامدا گۆڕانی بەسەر داهاتووە و چیرۆکەکان کەم و زیادیان کردووە، بۆیە دیاریکردنی سەرەتایی سەرهەڵدانی چیرۆک کارێکی زەحمەتە. بۆیە ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییانە هەر نەتەوەیەک بە هی خۆی دەزانێت، بەڵام بە شێوەیەکی تۆمارکراو دەستنوس دەگەڕێینەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا، بە تایبەتی وڵاتانی فەرەنسا و ئینگڵتەرا، بۆیە ئەوروپا بە سەرەتایی سەرهەڵدانی چیرۆکی منداڵان دادەنرێت و گەشەی کردووە. لەسەرەتادا چیرۆکەکان سادە و ساکار بوون پشتیان بە داب و نەریتی و کلتور و ئاین بەستبوو (ئەلکزاندەر هیجرەی کراب) دەڵێت:((هەقایەتی ئاژەڵ یەکێکە لە کۆنترین چیرۆک کە زانیوومانە.))(**ئەحمەد،۲۰۰۷،۳٥**) پاڵەوانی زۆربەی چیرۆکەکان لەسەرەتادا باڵندە، ئەفسانە،شتێکی خەیاڵی، ڕووەک بەگشتی و بەتایبەتی ئاژەڵ بوون، کە وەک مرۆڤ ڕۆڵیان دەگێرا و قسەیان دەکرد و وەک مرۆڤ بیریان دەکردەوە چارەسەریان بۆ کێشەکان دادەنا.

## ۲. گرنگی و ئامانجی چیرۆکی منداڵان

خواردن گەدە، چیرۆکیش مێشکی منداڵ تێردەکات، هەروەکوچۆن خواردن پێویستە بدرێت بەمنداڵ ئەوەندەش چیرۆک پێویستە بۆ مێشکی منداڵ. چیرۆکی منداڵان بەباشترین هۆکاری گەشەکردنی مێشک و ڕوانین و زمانی منداڵ دادەنرێت، بە بەراورد بە جۆرەکانی تری ئەدەبی منداڵان، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو گرنگییەی کە چیرۆکی منداڵان هەیەتی.((هۆش و هەست و دەروون و بەهرەو خەون و خولیاکانی منداڵ دەبزوێنێت.)) (**شوان،۲۰۱٦،سایتی گەلی کوردستان**) گێرانەوەی چیرۆک بۆ منداڵان هۆکارێکە بۆ ئەوەی منداڵ ئارەزووی لا دروست ببێت بۆ ئەنجام دانی کاری باشە. بۆ نموونە ئەو چیرۆکانەی پاڵەوانەکانیان کەسێکی دەستپاک یان ڕاستگۆ یان چاونەترس و بەهێز یان جەنگاوەرەن، منداڵ هەمیشە لەخەیاڵەکانی خۆی لە شوێنی ئەو پاڵەوانانە دادەنێت، دەروونێکی ئارام و دڵخۆشی دەبێت.لەڕێگایی ئەم چیرۆکە دەتوانێت جیهانێکی تایبەت بەخۆی دروستبکات، کە هەمیشە حەز بە کاری چاکە و ڕێگری بکات لە کاری خراپە. منداڵ ئەو وشانەی، کە لەناو خێزان فێردەبێت ڕێژەیەکی کەمە،بەڵام کاتێک چیرۆکی بۆ دەگێردرێتەوە فێری وشەی نوێ دەبێت، ئامادە دەبێت بۆ قوتابخانە،خوێندن وخوێندنەوەی بۆ ئاسانتر دەبێت.

((هەندێك چیرۆک باسی ڕووداوێکی مێژوو دەگێڕێتەوە کە لە لای میللەت و لە یادیدا پەیکەرێکی جێ هێشتوە.)) (**ڕەسوڵ،۱۹۷۰،۱۹**) گێرانەوەی مێژوو بۆ منداڵ، کارێکی زەحمەتە بەتایبەتی ئەگەر منداڵ نەچووبێتە قوتابخانە. منداڵ حەزی پێناکات، تەنانەت نایەوێت گوێش بۆ ئەم بابەتانە بگرێت.هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زمانی، کە بەکاردێت و تاڕادەیەک زمانێکی قورسە منداڵ لێی تێناگات، بەڵام گێڕانەوەی مێژوو لەسەر شێوەی چیرۆک ڕازاندنەوەی وشەکان بەکارهێنانی ئێستاتیکا، دوورکەوتنەوە لە وشەی زەحمەت منداڵ ئاشنای مێژووی گەل و جیهان و پیاوەگەورەکان و ئافرەتە ناودارەکان و تەنانەت کلتور و داب ونەریت و ئاینیش دەبێت و چێژی لێوەردەگرێت. گێرانەوەی ئەو چیرۆکانەی، کە پاڵەوانەکانیان هەموو ڕێگا سەختەکان دەبڕن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەیان منداڵ فێری متمانە بەخۆبوون دەکات. کە هەر جارێک تووشی کێشە ببێتەوە، بەهەمان شێوەی پاڵەوانی ناو چیرۆکەکان بەدوای چارەسەر بۆ کێشەکانی بگەڕێت، کەواتە متمانە بە خود یەکێکی ترە لەو ئامانجانەی، کە چیرۆکی منداڵان گرینگی پێدەدات. گوێگرتن لە چیرۆک بیرکردنەوەکانی منداڵ دەوروژێنێت،((منداڵ دەبێت وا ڕابهێنرێت، کە خۆی بیر بکاتەوە،پرسیار بکات و هەر خۆشی وەڵامەکان هەڵبسەنگێنێت و بەراوردیان بکات و ئەو وەڵامە هەڵبژێرێت،کە لەگەڵ بیر و ئەندێشە و بۆچوونەکانی خۆیدا دەگوونجێت.)) (**مستەفا،۲۰۱۱،٤٥**)منداڵ لەنێو دونیای چیرۆکدا دێت و دەچێت، پرسیار لەدوای پرسیار لەمێشکدا دروست دەبێت. دەیەوێت وەڵامەکانی دەست بکەوێت، بۆ نموونە لەچیرۆکێکدا باسی دارستانێکی گەورە دەکات. منداڵ لەخۆی دەپرسێت دارستان چییە؟ چی لەدارستان هەیە؟مرۆڤ دەتوانێت بچێت بۆ دارستان؟ یاخود مرۆڤ بۆ دەچێت بۆ دارستان......هتد کۆمەڵێک پرسیاری دیکە، کە ئەگەر خۆی وەڵامەکانی نەدۆزیەوە، دەپرسێت لە دەوروبەری، ئەو وەڵامانە وەردەگرێت کە لەگەل بیر و ئەندێشەی خۆی دەگونجێت، ئەمەش سەرەتای ئاشنا بوونی منداڵە بە فەڵسەفە و فراوانکردنی بیرکردنەوەکانی. ((چیرۆک دەورێکی گرنگ و باڵا لەدروستکردنی پێکهاتەی کەسایەتیی مرۆڤدا دەگێڕێت بەگشتی و بەتایبەت


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية ص: 103-117
المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بۆمنداڵانیش.))(**عەبدوڵا،٢٠21، سایتی پەیسەر**) چیرۆک یەکێکە لە ڕێگاکانی دروستبوونی بناغەی مرۆڤ، کە لە منداڵیەوە سەرچاوە دەگرێت، بۆیە هەڵبژاردنی چیرۆک بۆ منداڵ زۆر گرینگە،هەڵبژاردنی ئەو چیرۆکانەی کە باسی توندوتیژی دەکات، کاریگەری خراپی لەسەر هەندێك لە منداڵان لە داهاتوودا دەبێت، بەوەی کەسایەتیەکی دڵڕەق، توندوتیژ و لێدەردەچێت، بە پێچەوانەش ڕاستە، بۆیە تەنها گێرانەوەی چیرۆک بۆ منداڵ گرینگ نییە، بەڵکو ناوەرۆکی چیرۆکەکەش کە باس لە چی دەکات گرنگە. یەکێکی تر لە بایەخ و ئامانجی چیرۆکی منداڵان هونەری گوێگرتنە((چیرۆکی منداڵان یەکێکە لە هونەرە هەرە باشەکان کە منداڵ فێری هونەری گوێگرتن دەکات.)) (**کۆمەڵێک نوسەر،٢٠٢٢،٢٨**) کاتێک کەسێک قسەدەکات، پێویستە کەسانی تر گوێی لێ بگرن، بەتایبەتی کاتێک کەسێکی گەورە قسەدەکات پێویستە منداڵ گوێی لێبگرێت، هەروەهاگوێ لە ئامۆژگارییەکان و چیرۆکەکانیان بگرن، نابێت قسەیان پێببڕن و پێویستە ڕێزیان لێبگرن، چیرۆک یەکێکە لەو هۆکارانەی کە ئامانجی گوێگرتنی منداڵە لە بەسەرهات و ئامۆژگارییەکان. ((دەکرێت ئامانجی چیرۆک ئاراستەکردن بێت بۆ فێرکردن و ئاشناکردنیان بەو بابەتانەی لەدواڕۆژدا منداڵ کەڵکی لێوەردەگرێت وڕێگایان نیشاندەدات کە بەربەست و ئاڵۆزیەکانی ژیان و ئەوانەی دێنە بەردەمی بە ئاسانی و بەجوانی و ووردمامەڵەیان لەگەڵ بکات.))(**ئالانی،٢٠٢١،سایتی دیبلۆماتیک**).

چیرۆک ئاشناکردنی منداڵە بە پرۆسەی خوێندن، شێوازی نیشاندانی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی.سوود وەرگرتن لە بابەتەکان بە پراکتیککردنیان.چۆنیەتیی مامەڵەکردنی لەگەڵ سەختی و ئاڵۆزی ژیان و کێشە و بەربەست سەرکەوتن بەسەریان دا. منداڵ ڕابهێنێت بە بینین و ڕوانینی ژیان بە شێوازێکی جوان.خۆشویستنی خێزان و هاوڕێ و ئاژەڵ مرۆڤ بەگشتی، و پاک ڕاگرتنی ماڵ و شوێنە گشتییەکان،هاوکاری کردنی خەڵک، هەڵسوکەوتکردن بەشێوازێکی جوان لەگەڵ هەمووان.

### ٣. بنەماکانی چیرۆکی منداڵان

هەروەک چۆن چیرۆکی گەورەکان لە کۆمەڵێک بنەما پێکدێت، کە پێویستە نووسەر جێبەجێیان بکات،چیرۆکی منداڵانیش بەهەمان شێوە لە کۆمەڵێک بنەما پێکدێت. ئەگەر چی بنەماکانی هەردوو چیرۆک لێک نزیکە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا جیاوازییان هەیە ولە هەندێك لایەندا لەیەکتری جیاواز دەبن گرنگترین بنەماکانی چیرۆکی منداڵان بریتیین لەمانەی خوارەو:-

#### ا. ناونیشان

ناونیشان بۆ گەورەکان لەوانەیە زۆرگرنگ نەبێت، بەڵام بۆ منداڵان ناونیشان کاریگەری و گرنگیی خۆی هەیە، ڕەنگە ناونیشانێک وابکات منداڵ زیاتر حەز بەخوێندنەوەی چیرۆک بکات، یان بە پێچەوانەوە ناونیشانێک وا لە منداڵ بکات هەرگیز چیرۆکەکە نەخوێنێتەوە ئەو ناونیشانەی کە بۆ منداڵ هەڵدەبژێردرێت، پێویستە لەگەڵ ئاستی گەشەکردنی گونجاو بێت، لەناو کەتوار ژیانیدا هەبێت. ناونیشانەکان کورت و سەنجراکێشەربن، بۆ نموونە (کوڕێکی ڕاستگۆ، منداڵێکی دانا، کەروێشکی وریا... تاد).

#### ب. بابەت

هەموو چیرۆکێک لەسەر بنەمای بابەت دادەمەزرێت، واتە دەبێت ڕووداوەکان لەبارەی بابەتێکەوە بن، بەتایبەت مەبەست لێی پەروەردەیی بێت (( بابەت پارچەیەک خەیاڵە، کە بیرۆکە داگیر دەکات یان هەڵوێستی نوسەرەکەیە بەرامبەر سروشتی مرۆڤ.))(**رابەر،٢٠٠٩،سایتی دەنگەکان**) کاتێک پرسیار لە منداڵ دەکەی، کە حەز بە چ جۆرە چیرۆکێک دەکات، ڕەنگە منداڵ لە ڕوانگەی بابەتەوە وەڵام بداتەوە،کە حەز بە چ جۆرێکی بابەت(تراژیدیا، کۆمیدیا،ئامۆژگاری، ئاینی،خەیالی، ئەفسانەیی،پەروەردەیی.....تاد)دەکات. هەڵبژاردنی بابەت، تارادەیەك هەڵبژاردن کەسایەتیی منداڵە لە داهاتوودا، بۆیە گونجاو نییە هەموو جۆرە چیرۆکێک بۆ منداڵان بگێردرێتەوە، بەتایبەتی ئەو چیرۆکانەی باسی (فێلبازی، درۆکردن،دزیکردن، دێوەزمە........هتد.) دەکات، یاخود ئەو چیرۆکانەی کە کۆتایەکەی دڵ تەزێنی هەیە، بەتایبەتی بۆ ئەو منداڵانەی هێشتا نەچوونەتە قوتابخانە، چونکە کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵ دەبێت،توشی جۆرێک لە ترس و خەمۆکی و خەمباریی دەبن.

((منداڵان یاری دەکەن لەبەر خۆیانەوە قسە لەگەڵ کەل وپەلەکانی دەوروبەریان دەکەن، دەست دەکەن بە گفتوگۆ و قسەکردن دەکەونە ئەندێشەیەکی قووڵەوە.))(**صابر،٢٠١٠،٨٥**) منداڵ کاتێک یاری بە کەلوپەلەکانی دەکات بەشێوەیەکی ڕاستەقینە مامەڵەیان لەگەڵ دەکات، کاتێك لای لایە بۆ کەڵەکانیان دەکەن، زۆر گفتوگۆی لەگەڵ دەکەن، لەبری بوکەڵەکەش وەڵامی پرسیارەکانی خۆیان دەدەنەوە هەروەها کاتێک شیر دەخۆنەوە دەیدەن بە بووکەکانیشیان، یاخود کاتێک یاری بە ئۆتۆمبێل دەکەن، وەکو چۆن لەڕێگاکاندا ترافیک، بەرز و نزمی و پێچانەوە و تونێل....هەیە لە یاری کردنی خۆیاندا هەمان شت دەکەن، بۆیە منداڵ لەو ساتانەدا حەز بە

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

گێرانەوەی چیرۆکی ڕاستەقینە دەکەن.منداڵ بێزار دەبێت لە گێرانەوەی چیرۆکی تەڵەکەبازی و جنۆکە و تارمایی....تاد، چونکە هەر وەک پێشتر باسمان کرد منداڵ توشی ترس و خەمباری دەبێت.

**ت. ڕووداو**

ڕووداو توخمێکی سەرەکییە لە گێرانەوە بەگشتی و چیرۆکی منداڵان بەتایبەتی، کەواتە ڕووداو((کۆمەڵە کارێکە کارەکتەر ئەنجامیان دەدات،بە هاوکاری کەسانێک و ڕکابەری کەسانێکی دیکە،لە بارودۆخێکی ئاسایی و نائاسایی ڕوودەدات.))(**سەعید،٢٠١٣، ٩١**). هەر لە سەرەتای ڕووداوەکانی ناو چیرۆک، منداڵ حەز دەکات بزانێت دواتر چی ڕوودەدات و ڕووداوەکان بەرەو کوێ دەڕۆن کۆتایی ڕووداوەکان چۆن دەبێت، ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە منداڵەکە تێکەڵ بە ڕووداوەکان بووە، داوا لە گێڕەرەوە دەکات خێرا بۆی بگێڕێتەوە یان خۆی خێرا چیرۆکەکە بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت کۆتاییەکەی چی ڕوودەدات. حەز ناکات بەشێکی چیرۆکەکە لە کاتێکی دیکەدا بخوێنێتەوە، بۆ نموونە چیرۆکی(کچە بەفرینە)منداڵ کە دەیخوێنێتەوە یان بۆیدەگێردرێتەوە دەیەوێت بزانێت، ئایا ئەو سێوەی کە پیرەژنەکە پێیدەدات دەیخوات، یان ئایا لەو خەوە درێژە کچە بەفرینە ڕزگاری دەبێت.ئەمانە کۆمەڵێک ڕووداون، کە بەدوای یەکتری دادێن ومنداڵ چێژیان لێوەردەگرێت. ((وەکو دەزانین چەند کارەکتەر زۆر بێت لە چیرۆکدا،دەبێتە هۆی ئەوەی ژمارەی ڕووداویش زۆر بێت.)) (**جاسم،٢٠١٥، ٧٠**)ژمارەی ڕووداو بۆ منداڵان بەتایبەتی تەمەنی (٣-٩) گونجاو نییە زۆر بێت،چونکە منداڵ ناتوانێت،بەیەک جار لە کۆمەڵێک ڕووداو تێبگات، هەروەها پێویستە ڕووداوەکانیش بەدوای یەکدابێن (سەرەتا،ناوەڕاست،کۆتایی)هەوڵبدرێت بەشێوەیی زنجیرەیی بگێردرێتەوە،هەورەها ڕووداوەکان سادە بن و نزیک بن لە ژیانی کەتوار(واقیعی) منداڵانەوە.

**ت. شوێن**

مرۆڤ لە هەر شوێنێک لەدایکبێت، جۆرە خۆشەویستییەکی تایبەت بەم شوێنەی دەبەستێتەوە،بەتایبەتی بۆ منداڵ کۆمەڵێک یادگاری دەبێت لەگەڵ هاوڕێکانی لە کۆڵان، شەقام، قوتابخانە، دوکانی شیرینی....... تاد. یاری جۆراو جۆر، وانە خوێندن بە کۆمەڵ، چوون بۆ خوێندگا، کڕینی شیرینی...... تاد کۆمەڵێک یادگاری بەجێدەهێڵێت لای منداڵ،چێژی لێوەردەگرێت، لەچیرۆکی منداڵانیش شوێن پێگەیەکی گرینگی هەیە، بۆ ئەوەی ڕووداو ڕووبدات پێویستە شوێنێک هەبێت ((ئەو شوێنەی کە لە چیرۆکی منداڵان هەڵدەبژێردرێت، دەبێت لەگەڵ واقیع وڕاستی بگونجێت وڕاستەقینەبن و بەڕاستگۆییانە باسیان لێوە بکرێت.)) (**صبری،٢٠١٠، ١٠٦**)شوێنی ناو چیرۆک هەمان ئەو شوێنە نییە، کە لە واقیعدا هەی، چونکە شوێنی ڕاستەقینە لە واقیعدا هەیە و ڕووداوی تێدا ڕوودەدات، بەڵام شوێنی چیرۆک تەنها گێرانەوەیەکە لە واقیعەوە وەرگیراوە.ئەو شوێنانەی کە لە چیرۆکی منداڵاندا زیاتر باس دەکرێن، بریتین لە (دارستان، شاری یاری، لادێ، باخچەی ئاژەڵان، گەرەك.......هتد)پێویستە ئەو شوێنانەی کە بۆ منداڵ لە چیرۆکدا باس دەکرێن، لەگەڵ تەمەنیان گونجاو بێت،،بۆ نموونە قوتابخانە ئەو شوێنەیە کە منداڵ تێیدا پەروەردە و فێر دەبێت.گێرانەوەی ئەم شوێنە لەسەر شێوەی چیرۆک،منداڵ بە حەزەوە خۆی ئامادە دەکات بۆ قوتابخانە و ئەرکەکانی خۆی جێبەجێدەکات.ئەمەش سوودێکی تری چیرۆکی منداڵانە، کە ئاشناکردنی شوێنەکانە بە منداڵان.

**ج. کات**

کات وەکو هەموو بنەماکانی تری چیرۆکی منداڵان، گرنگی خۆی هەیە، پێویستە لە چیرۆکدا باسی لێوە بکرێت. کاتیش بەگشتی لە (ڕابروو، ئێستا، داهاتوو ) پێک دێت. کاتی چیرۆک بۆ منداڵ جیاوازە.چونکە لەتەمەنی ٣-٦ساڵی دا کەمتر ئاشنایی کاتن، زانیاری کەمیان لەسەری هەیە.داپیرە و باپیرەکانمان کاتێک لەبەر ئاگرداندا چیرۆکیان بۆ دەخوێندینەوە. سەرەتاکەی دەستیان پێ دەکرد بە (هەبوو نەبوو، لەدێر زەمانەوە، کەس لەخوا گەورەتر نەبوو........هتد). لێرەشدا زانیاری تەواو دەربارەی کات نەخراوەتە ڕوو، دواتر منداڵ ئاشنایی کاتی شەو، ڕۆژ بەیانی، دوێنێ،......دەبێت بە پێی گەورەبوونی کاتەکانی لەلا ئاشناتر دەبن. لە چیرۆکی منداڵاندا کات لە کاتژمێرک تا وەرزەکان و ساڵ دەڕوات، بۆیە پێویستە دانەری چیرۆکی منداڵ ئاگاداری گۆرانکاریەکان بێت.

**چ. کارەکتەر**

بە بێ کارەکتەر هیچ بنەمایەکی تری چیرۆکی منداڵان بوونیان نابێت. کارەکتەر شوێن و کات ڕووداو دەستنیشان دەکات، کارەکتەر بەگشتی دوو جۆری هەیە (کارەکتەری سەرەکی، کارەکتەری لاوەکی)، کارەکتەری سەرەکی لە سەرەتای چیرۆک تا کۆتایی ڕۆڵ دەبینێت، بەشدارە لە ڕوووداوەکان، بەڵام کارەکتەری لاوەکی تەنها لەبەشێکی چیرۆکەکەکەدا ڕۆڵ دەبینێت. سەبارەت بە کارەکتەری چیرۆکی منداڵان، زیاتر (منداڵ، شتی بێگیان وەکو ئۆتۆمبێل،بوکەڵە، تەنانەت ڕووەکیش وەکو گوڵ و


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

درەخت،بەتایبەتی گیانداران....تاد)، واتە لێرەدا ((گیاندار و باڵندە دەبنە کارەکتەر و ڕۆڵ و ئەرکی خۆیان دەبین لەنێو بەسەرهات و ڕووداوەکاندا، بەزۆریش ئەو گیاندارانەی کە ڕۆژانە دەبینرێن، وەک(بزن و مەرو مانگا......تاد، کە هەریەکەیان بە گوێرەی پێویست ڕۆڵی خۆیان دەبینن، ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی کە لە ڕێگای ئەمانەوە نمایشدەکرێن سەرچاوەکەی لەواقیعەوە وەرگیراوە))(**محمد،٢٠١٥، ٥١**). ئەو ڕۆڵەی کە دەردرێت بە کارەکتەر بۆ چیرۆکی منداڵان پێویستە گەشبین و پڕ وزە بێت و قسەکانی پەند و ئامۆژگاری لە خۆبگرێت.هەمیشە کارەکتەری چاکەکارەکە و لایەنی ڕاستی بەسەر کارەکتەری پڕ لە ئاژاوە و خراپە سەربکەوێت، چونکە منداڵ چاو لە کارەکتەر دەکات و دەیەوێت وەکو ئەوان هەڵسوکەوت بکات، وەکو ئەوان بێت.

**بەشی یەکەم/ تەوەرەی دووەم:-گرنگی چیرۆکی منداڵان لە پرۆگرامی خوێندندا**

**پێناسە و گرنگی پرۆگرامی خوێندن**

دەستپێکی چوونە قوتابخانە، سەرەتای چونە ناو ژیانێکی جیاواز و سەرەتایی فراوانکردنی بیرۆکەکانە لەلای منداڵ، یەکەم هەنگاوی چوونە قوتابخانە، یەکەم هەنگاوی بنیادنانی داهاتووە لە (پیشە، بیرکردنەوە،ڕەوشت....)لای منداڵ، بۆیە پێویستە پرۆگرامی خوێندن زۆر بە وریاییەوە دابنرێت، بۆ قۆناغی سەرەتایی بە پێی گۆرانی بارو دۆخ و سەردەم پرۆگرامی خوێندن گۆڕانکاریی بەسەردابێت،پێویستە لەگەڵ قۆناغ و ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان گونجاو بێت، واتە ئەو پرۆگرامەی کە لە سەدەی ڕابردوو بەکاردەهات، ئێستا بەکارنایەت، بەهۆی گۆرانی باردۆخ و کتێب، بەگشتی پێشکەوتن و تێگەیشتنی خەڵک لە پرۆسەی پەروەردە، بۆیە دەتوانیین بڵێن، ((پرۆگرامی خوێندن بریتییە لەپەرتووکێکی چاپکراوی خوێندن پەرتووکەکان لەلایەن لێژنەیەکی پسپۆڕی تایبەت بە کایە و بابەتە جۆراوجۆرەکانی خوێندن، بەپێی قۆناغە جیاوازەکان ئامادەکراون، واتە هەرقۆناغەوکتێبی تایبەت بەخۆی لەڕووی ناوەڕۆک ودیزاینی دەرەوە بۆ ئامادەکراوە))(**قادر:٢٠١٦: ٤١**) هەر قۆناغێکی خوێندن، لە کۆمەڵێک کتێب لە بابەتە جۆراوجۆرەکان پێکدێت،کە بە پێی تەمەن و ئاستی گەشە بۆ خوێندکاران دانراون. ئاشانکردنی پرۆگرامی خوێندن بەشێکی زۆری دەکەوێتە سەر مامۆستا، کە پێویستە لە سەرەتای دەستپێکردنی خوێندن مامۆستا زانیاری بدات لەسەر پەرتووکەکە و شیکردنەوەی ناوەڕۆک و پێکهاتەکانی،بۆ نموونە مامۆستای کوردی لەسەرەتای خوێندندا، پێویستە باس لەوە بکات کە پەرتووکی کوردی لە چەند بەش پێکدێت، هەر بەشی لە چەند وانە پێکهاتووە، کۆی گشتی بابەتەکان باس لە چی دەکەن. ئەمانە و کۆمەڵێک بابەتی تر پێویستە باسی لێوەبکرێت، ناساندنێکی تر بۆ پرۆگرامی خوێندن ((پرۆگرامی خوێندن بریتییە لە نووسراوێکی باوەڕپێکراو،کە لایەن وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن دادەنرێت، پاشان لەناو قوتابخانەکاندا بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی وەزارەت جێبەجێدەکرێت.))(**عەزیز،ئۆمەر:٢٠٢٢: ١٩٦**)لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت پرۆگرامی خوێندن لەلایەن کۆمەڵێک کەسی بە ئەزموون و شارەزا دادەنرێت، کۆمەڵێک مەبەستێک لەخۆدەگرێت، بۆ ئەوەی تاکێکی پڕ لەوزە و سەرکەوتووی لێدەربچێت ((پرۆگرامەکانی خوێندن زیاتر بەو شارەزایی و کارامەیانەوە پەیوەستن کە کەفێرخواز لەفێرگەدا وەریان دەگرێت و بەکاریان دەهێنێت.))(**حسێن:٢٠٢٣:سایتی کوردپیدیا**).

لە ئێستادا هەڵبژاردنی پرۆگرامێکی گونجاو بۆ خوێندن دەوەستێتە، سەرئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەگشتی، کە فێرخوازان تا چەند ئارەزوو بە خوێندن و نوسین دەکەن. تا چەند خوێندکاران دەتوانن سوود لە بابەتەکان ببینن و لە کاروی باری ڕۆژانە بەکاریبهێنن.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**بەشی دووەم**

**تەوەری یەکەم /ڕەهەندە پەروەردەییەکانی چیرۆکی منداڵان**

**١. گەشەکردنی ڕۆشنبیریی منداڵ**

هەموو کۆمەڵگایەک خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و جیاوازە لە هەر کۆمەڵگایەکی تر هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕۆشنبیرییەی کە هەر کۆمەڵگایەک هەیەتی، هەروەها بۆ ئەو سروشتەی بە درێژایی مێژوو ئەو کۆمەڵگایە پێیدا تێپەڕیوە.((ڕۆشنبیری پێویستییەکی ژیانە بۆ هەموو مرۆڤێک ڕەوتێکی بەردەوامە لەناو هەموو کۆمەڵگایەکدا، کە پاڵنەری سەرەکی بەرەو پێش بردنی کۆمەڵگایە.)) (**عەبدوڵا،کامل،٢٠١4،٢٠**)ژیان بەبێ ڕۆشنبیری دەوەستێت،کۆمەڵگا دوادەکەوێت،هیچ پاڵنەرێک بۆ پێشکەوتن نابێت،بۆ خۆپاراستن لەم دواکەوتووییە لەسەر کۆمەڵگا پێویستە هەر لە قۆناغی منداڵییەوە گرنگی بە ئاستی ڕۆشنبیرییان بدرێت، تاوەکو لە داهاتوودا بتوانن کۆمەڵگا پێش بخەن.

(( چوار لایەن هەن، کە گەورەترین لایەنی بەرپرسن و زیاتر کاریگەرییان لە پەروەردەکردن وڕۆشنبیرکردنی منداڵاندا هەیە، ئەوانیش خێزان،قوتابخانە،میدیا،کتێب.))( **ئیبراهیم،عومەر،٢٠٢٣،١٤٥**)پێش چوونە قوتابخانەخێزان سەرچاوەی یەکەمی گەشەکردنی ڕۆشنبیریی منداڵە، بناغەی دروستبوونی کەسایەتی منداڵە لە داهاتوودا.

((شارەزایانی پەروەردە هاوڕان لەسەر گرنگی چاندنی حەز و خۆشەویستی خوێندنەوە لە قۆناغی منداڵیدا، باشتر وایە هەر لە منداڵییەوە منداڵان هۆگر و ئاشنای پەرتوك و گۆڤارەکانی منداڵانیان بکەین و ببن بە هاوڕێی هەمیشەی کتێب، پەرتووکی پۆلی(چوار و پێنج )ی بنەڕەتیمان وەکو نموونە وەرگرتووە، بەمەبەستی پراکتیککردنی گەشەی ڕۆشنبیریی منداڵان،چیرۆکی (ماسی بچکۆلەش) نموونەیەکی باشە بۆ دروستبوونی متمانە لای منداڵ، چونکە لێرەدا گیانلەبەر (ماسی ) وەکو مرۆڤ قسەدەکات. قسەکردنی ماسی گونجاندنی دنیای منداڵە لەگەڵ کەتوار، چونکە بەبڕوای منداڵ هەموو شتێک دەتوانێت قسەبکات.ئەمەش بەگوڕخستنی خەیاڵی منداڵە، فراوانکردنیەتی بۆ ئەوەی بتوانێت ڕاڤەی ئەو شتانە بکات، کە منداڵ بیریان لێدەکاتەوە. منداڵیش ئارەزووی زۆری هەیە بۆ ئاژەڵ و زووتر لە بابەتەکە دەگات.

لە (چیرۆکی گوڵفرۆش)دا باسی دوو منداڵ دەکات (نازدار و خونچە)دەچن بۆ دوکانێکی گوڵ، بەلایانەوە سەیرە، کە هیچ گوڵێک نابینن جگە لە تابلۆی گوڵ، منداڵەکان فێردەبن مرۆڤ چەند وەک گوڵ بێت پێویستە شێوازی قسەکردنی و گوفتاریشی وەک گوڵ، ((فەرموو گوڵەکانم........(چیتان دەوێت بۆتانی جێبەجێبکەم، کە گوێیان لە گوفتاری دوکاندارەکە بوو بیریان بۆ ئەوە چوو ڕەنگە ئەوەی کاری پەروەردەکردن و فرۆشتنی گوڵ بێت، دەبێت گوفتاریشی وەک گوڵ بێت.))( **لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەدە،پۆلی پێنج،2024،٧٥**)بە چیرۆکەدا بۆمان ڕووندەبێتەوە کەوا پێویستە بە جۆرێک گوفتار لەگەڵ مناڵاندا بکرێت، کە بتوانرێت سەرنجی ڕابکێشێت، بەڕێزەوە قسە بکات تەنانەت ئەگەر کەسی بەرانبەر لەخۆشی بچوکتربێت.

**2. گەشەکردنی خەیاڵی منداڵ**

مرۆڤ هەمیشە بەدوای خەیاڵەوە وێلە، خەیاڵ دەکاتە کۆگایەک بۆ بەدیهێنانی ئارەزووە فەرامۆشکراوەکانی، مرۆڤ هەر لە منداڵییەوە خەیاڵ دەکات،هەمیشە خەیاڵی ئەو بابەتانە دەکات، کە ناتوانێت بەدی بهێنێت، وەکو هەبوونی ئەو ئۆتۆمبێلەی کە دایک و باوکی نەیانهێشت بیکڕێت.

مرۆڤ بەهۆیی خەیاڵەوە دەتوانێت چەندین داهێنان ئەنجامبدات و سوودی بۆ کۆمەڵگاکەی هەبێت.((خەیاڵ ئەو ڕووداو و بابەت و بیرۆکانەیە، کە لەنێو ئەقڵی مرۆڤدا سەرهەڵدەدەن، کە بە ئارەزووی مرۆڤ ومنداڵ خۆی دروست دەبن، ئەم خەیاڵانە دەیانباتە جیهانێکی دیکەوە، لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت کۆنترۆڵی ژیانی بکات و ڕووبەڕووی ئەو ڕووداو و کارانە بێتەوە، کە دێنە ڕێگای بەبێ ئەوەی بەربەستێک هەبێت ڕێی پێبگرێت و ڕایبگرێت.

خەیاڵ بەوەش پێناسە دەکرێت، کە کردارێکی ئەقڵی زانستییە. خەیاڵی داهێنەرانە پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ داهێنان و گونجاندن لەگەڵ ژینگەدا.)) (**شوان،٢٠٢٢،سایتی چرا**) دایک یان باوک کاتێک چیرۆک بۆ منداڵ دەخوێننەوە، منداڵ تەنها دەیبیستێت ناتوانێت بیبینێت، بەڵام بە پێی تێگەیشتنی لە چیرۆکەکە لە خەیاڵیدا وێنای دەکات، بۆ نموونە کاتێك دەڵێین لە دارستانێکدا کچێکی زۆر جوانی، قژی زەردی چاو سەوز هەبوو،منداڵەکە لەخەیاڵیدا وێنای ئەوە دەکات کە دارستان پڕە لە درەختی بەرز و گژوگیا پێویستە ئەوەش بزانین منداڵ ئەم جۆرە خەیاڵانەی لە کەتوار وەردەگرێت، هەندێکیشی بە پێی ئارەزووی خۆی دورستی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دەکات.واتە کاتێک باسی دارستان کرا، دارستان لە کەتواردا هەیە،منداڵ هەمان کەتوارخەیاڵ دەکات، بەڵام کاتێک منداڵ خەیاڵی ئەوە دەکات، بفڕێت، ئەمە لە خەیاڵی خۆی دروستیکردووە و لە کەتواردا نییە. مرۆڤ هەمیشە لەگەڵ خەیاڵ دەمێنێتەوە دونیایەکی ئارام و جیاواز دروستدەکات، دەبێتە جیهانێك بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێک داهێنان وحەز و ئاواتەکانی.

لە چیرۆکی(پەڵە هەورێک سەربوردەی خۆی دەگێڕێتەوە) چیرۆکێکی خەیاڵی دروستکراوە، چونکە هەور و مرۆڤ هەرگیز لەگەڵ یەکتر قسەناکەن، بەڵام بۆ تێگەیشتنی منداڵان، بۆ ئەوەی بزانن سودی هەور چییە، چۆن دەبێت بە باران، چۆن دروستیش بووە، بۆئەوەی تێبگەین ئاوی باران لە کوێ دێ و سودی چییە، بۆ ئەوەی لێرەدا منداڵان بزانن باران سوودبەخشە، هۆکاری ژیانە،سەرچاوەکەی لە کوێ دروستبووە.((نازەنین سەری هەڵبری و لە پەڵە هەورەکەی پرسی:

تۆ چیت، چۆن دروست بوویت؟
لە وەڵامدا پەڵە هەورەکە گوتی:

ئەی نازەنین، وەکو دەزانیت ئاوی سەر زەوی هۆی ژینی هەمووانە، بوونی من لە ئاوی زەریا و دەریا و گۆمەکانەوەیە.))(**دانانی لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،پۆلی چوار،٢٠١٨،٢٤**)لە کۆتاییدا منداڵان دەزانن هۆکاری دروستبوونی هەور چییە، هەور چۆن دەبێت بە باران، لەم چیرۆکەدا منداڵان دەتوانن سودێکی باشی لێببینن.ئەو پرسیارانە کە لە مێشکیان دایە لە بارەی چۆنیتیی دروستبوونی هەور و باران بارین،گەڕانەوەی ئاو بۆ زەریا و دەریاکان.

### ٣. گەشەکردنی بونیادی کەسێتیی منداڵ

پێکهاتەی کەسێتی مرۆڤ، هەر وەکو بناغە و کۆڵەگەی باڵاخانەیەک وایە کە بیناکەی ڕاگرتووە، ڕەفتارەکانی مرۆڤ لە ماوەی ژیانیدا بەڕێوەدەبات.کەسێتی منداڵ هەر لە تەمەنی سێ ساڵیدا، کە بە سەرەتای سەردەمی زێرینی منداڵ دادەنرێت، منداڵ هەموو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی لێرەوە سەرچاوەدەگرێت.گرنگترین کەس بۆ دروستبوونی کەسایەتی منداڵ (دایک و باوک)ن، بۆیە ئەوان هەر شتێک بکەن منداڵەکان لاساییان دەکەنەوە.هەروەها، لەبەر ئەوەی منداڵ زۆرترین کاتی بە یاریکردن بەسەردەبات، بۆیە یاریکردن بە یەکێک لە گونجاوترین ڕێگاکانی بونیادنانی کەسێتی منداڵ دادەنرێت، بۆیە زۆر گرنگە گرنگی بە یاریەکانی منداڵان بدرێت، ئەو یاریانە بۆ منداڵان دابینبکرێت، کەگرنگی بە کەسێتی منداڵ دەدات، بۆ نموونە یاریکردن بە دەمانچە بۆ منداڵان گونجاو نییە، چونکە منداڵ کەسێتییەکی شەڕانگێزی لێدروست دەبێت، واتە یاریکردن ڕێگایەکە بۆ بەهێزکردنی لایەنی پەروەردەی منداڵ، هەر پێنج هەستەکەی بەکاردەهێنێت، ئاستی هۆشیاری و لایەنی دەروونی دەناسێنێت، بۆیە پێویستە مامۆستایان و دایک و باوکان بایەخی زۆر بە یاری منداڵەکان بدەن، چونکە لە داهاتوودا،کاریگەریی لەسەر لایەنی کەسایەتی دەبێت.

دابین کردنی کەشێکی ئارام لە خێزاندا بەیەکسانی ڕۆڵی زۆر گرنگی هەیە، چونکە ئەو خێزانانەی کێشە و گرفتایان زۆرە ناتوانن کات بۆ منداڵەکانیان تەرخان بکەن، کەسێتی شەڕانگێزیان لێ دەردەچێت،ڕەنگە ئازاری منداڵانی تر بدەن. یاخود گرنگی بە وانەکانیان نەدەن.

لە چیرۆکی( یاسای دارستان )پۆلی چوارەم، باس لە ڕەفتارە باشەکانی مەیموون دەکات(("ورچە گیان "،تخوا وا لەو لقانە مەکە زۆر گوناهت دەگاتێ، چونکە زیان بە دارەکان و بە دارستانەکە دەگەیەنێت، ئەمە کردەوەیەکی ناشرینە وازی لێبهێنە.)) (**لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی چوار،٢٠١٨،٤٢** )کەسایەتی مەیموون، کەسایەتیەکی باش و بەهێزە تەنانەت ئامادەیە ڕووبەڕووی خراپەکاریش ببێتەوە، بەهۆی ڕەفتارەکانی کاریگەری لەسەر ورچ دروستدەکات،تەنانەت وایلێدەکات داوای لێبوردن بکات و نەمام بچێنێت.منداڵ کە ئەم چیرۆکە دەخوێنێتەوە دەبینێت، کە تەنها ڕەفتارەکانی مەیموون وایکردووە، هەموو ئاژەڵەکان ڕووبەڕووی ئەم خراپیە ببنەوە،((هەموو زانیان،کە شتێک قەوماوە بە تاک و کۆ بە لۆقە و ڕاکردن و فڕین و بازدان خۆیان گەیاندە لای مەیموون و ورچ وهەواڵەکەیان بە شێریش گەیاند.)) (**لیژنـەیەک لەوەزارەتی پەروەردە، پۆلی چوار،٢٠١٨،٤٣**)ئەم چیرۆکە کاریگەریی کەسێتی باش لەسەر منداڵ دروستدەکات، کە بەهیچ شێوەیەک خراپەکاری و زوڵم قبوڵ نەکەن، هەر شتێکی ناڕەواشیان بینی ئاگاداری کەسانی تر بکەنەوە،تا بتوانن چارەسەری کێشەکان بکەن.

هەروەها لە چیرۆکی (دەنکە گەنمێك) پۆلی پێنجەم، باس لە ڕەفتارە خراپەکانی مێروولە ڕەشەکە دەکات بەرانبەر بەمێروولە سورەکەی هاوڕێ ((بەنیازیت بەشیبکەیت لەگەڵم،برۆ بە ڕێی خۆتەوە، ئەوە بە چاو نابینی. لەو کاتە، کە ئەو دوو مێروولەیە لەو قسانە بوون،کەڵەشێرێکی ڕەنگاو ڕەنگ پۆپیتە گەورە پەیدابوو دەگەڕا بە دوای چەند دەنکە گەنمێك،کە دەنکەگەنمە قەڵەوەکەی دی

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

بەدەنوکێك ئاودیوی کرد.))( **لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەدە،پۆلی پێنج،2024، ١٠٨**)ئەوە ئەنجامی چاوچنۆکیە، ئەگەر پێکەوە دابەشیان کردبا، هەردوو لا سودیان لی دەبینی، نەوەکو بەهۆی خۆپەرست وچاوچنۆکی بێبەشبوون.

لەم چیرۆکەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە، بۆ ئەوەی کەسێتی منداڵ کەسایەتیەکی میهرەبان و دڵفراوان بێت و یارمەتیی هاورێکەی قبوڵبکات، خۆپەرست نەبێت.ئەمەش لە قازانجی هەردوولایەنە، ئەگەر ئەو مێروولە چاوچنۆکە، نەبوایە بەشی هاورێکەی بدایە ئەوە باشتر بوو لەوەی کەڵەشێرەکە گەنمەکەی بخوات، هەردووکیان بێبەشبوون، ئەوەش فێرمان دەکات بەتایبەت منداڵان، کە لە قوتابخانە بچوکن، ئەگەر هاورێکەی خواردنی پێنەبوو بەشییکا لەگەڵیدا، لەدەرەوەی قوتابخانەش، یان هەر شوێنێك بێت کەسایەتیی منداڵ وا پەروەدە بکات، کە هەست بە بەرپرسیاریەتی و دادپەروەری بکات، بتوانێ خواردنەکەی لەگەڵ هاورێکەی بەشبکات بۆ ئەوەی هەردوولا سوودی لێببینن.

**٤. گەشەکردنی زمانی منداڵ**

زمان و مرۆڤ دوو بابەتی بەیەک گرێدراون،هیچیان بەبێ ئەویتریان نابێت، چونکە ئەگەر مرۆڤ نەبێت شتێکیش نابێت بە ناوی زمان. ناتوانرێت زمان بخەینەناو چوارچێوەیەکی دیاریکراوی لێکۆلینەوە، چونکە زمان هەمیشە لە گەشەکردن دایە، خۆی لەگەڵ هەموو سەردەمێک دەگونجێنێت((هۆیەکە بۆ گەیاندنی هەست و سۆز و بیروباوەڕ لە رێگای دەنگەوە لەدەم دەردەچێت، یاخود لە رێگای کۆمەڵێک هێماوە، کە ئاماژە لە فەرمانی دڵ و دەروون دەکات بۆ شیکردنەوەی هەست و نەستی ناوەوەی مرۆڤ.))(**کەهور، ٢٠١٠،١٢٩**).

ئەگەر وایدابنێین زمان نەبێت مرۆڤەکان چۆن لەیەکتری تێدەگەن، چۆن دەتوانن بیرکردنەوەکانیان بەکەسی بەرامبەر بگەینن، یاخود باس خۆشی و ناخۆشی و خەمەکانیان بکەن، کەواتە ئێمە ناتوانیین زمان لە مرۆڤ بکەینەوە، ئەگەر شتێک بتوانێت مرۆڤ لە بوونەوەرەکانی تر جیا بکاتەوە زمانە، مرۆڤ بۆ دەربرینی هەستی خۆی یان بیرکردنەوەکان زمان بەکاردەهێنێت. تێگەیشتن لە مرۆڤ بەبێ زمان کارێکی قورسە، بۆنموونە منداڵ پێش ئەوەی زمان بگرێت، ناتوانین لێی تێبگەین، ئەگەرچی هەندێک جار بەهۆی گریان دەتوانین لێی تێبگەین، بەڵام ئەمەش بە پێی پێویست نییە. دواتر فێری وشەی (دایە، بابە، مامە، ئا، نا.....هتد)دەبێت، بەم شێوەیە منداڵ بەردەوام دەبێت، وشە و رستەکان لە خێزان وەردەگرێت و دووبارەی دەکاتەوە.((منداڵانن جگە لە لایەنی بایلۆژی لە رێگای چاولێکەری و سەرنجدانی کەسانی گەورە و دەوروبەر رۆژ بە رۆژ فێری زمان دەبێت و هەنگاوەکانی ئەم پرۆسەیەش لای زانایانی دەروونی بەقۆناغی گەشەکردنی زمان لای منداڵ دادەنرێت. ئیتر مەرج نییە لە هەموو ئاستەکانی گەشەکردنی زمان فێربووندا بە ئاگاییەوە هەڵسوکەوتبکات، چونکە کاتی فێربوونی زمان منداڵی بچووک ناهۆشمەندانە ئەوە فێردەبێت، کە نیشانەیەک تەنیا لە ئەنجامی جیاوازی لەگەڵ نیشانەیەکی دیکەدا مانا پەیدا دەکات.))(**عەبدولوەهاب، ٢٠١٥،٣٤**).

زمان بۆ منداڵ زۆر گرنگەبناغەی دروستبوونی کەسایەتی و رەوشتیەتی، بەکارهێنانی زمان لە قوتابخانەکانیش بە پێی تەمەنی منداڵ رێکخراوە لەهەر قۆناغێک بۆ منداڵ کۆمەڵێک وشەی نوێی بۆ دانراوە، ئەگەرچی زۆرجار دەبینین منداڵان هەندێک وشەیان لەلا نامۆیە،زۆربەی کات دووبارەی دەکەنەوە و پرسیار دەربارەی وشەکە و تەنانەت واتاکەشی دەکەن، بۆچی بەکاردێت. زۆرجار منداڵ پرسیار دەربارەی ئەو وشەیە دەکات، کە گوێبیستی دەبێت، بێ ئەوەی بزانێت کە لەگەڵ تەمەنی ئەو گونجاوە یان نا، بۆیە پێویستە لە ماڵ و قوتابخانە یان ئەو شوێنانەی کە منداڵ بۆی دەچێت، دوور بێت لە هەموو ئەو وشانەی کە لەگەڵ تەمەنی ناگونجێت، یان ئەو وشانەی کە دووروردرێژن، چونکە زۆرجار منداڵ ناتوانێت بیاندرکێنیت، یان بەهەڵە دەیاندرکێنێت.

لەچیرۆکی (کاتم بەفیرۆ نادەم ) باس لە سوودی کتێب دەکات، منداڵان هاندەدات بۆ خوێندنەوەی کتێب و چیرۆک...هتد لە کاتی بەتاڵ یان لە پشووی هاوین هەروەها یارمەتی منداڵ دەدات، کە کاتەکانی بەفیرۆنەدات و سوود لە کات وەربگرێت.....تاد.

((لەمەودوا هەموو بەیانییەک دەچمە پەرتووکخانەی گشتی بۆ خۆم پەرتووک دەخوێنمەوە.)) ( لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی پێنج،2024،٥٤) زمانی ئەم چیرۆکە لەگەڵ منداڵانی پۆلی پێنج گونجاوە منداڵ بە ئاسانی لێیتێدەگات، لە کاتی خوێندنەوەی یان گوێلێبوونی ئاستەنگ لەبەردەمی دروست نابێت. زمان رۆلێکی یەکجار گرنگ دەگێرێت لە تێگەیشتنی منداڵ، هەندێك جار وشەیەک یان چەند وشەیەک منداڵ ناتوانێت لێی تێبگات، بەڵام بە هاوکاری دەوربەر لای روووندەبێتەوە و فێری دەبێت، بەڵام ئەم چیرۆکە بەدوورە لەوشانەی کە لەگەڵ قۆناغی منداڵ ناگونجێت.

بۆ نموونە لەچیرۆکی( ناوی هەموومان کوردییە) لایەنی فەرهەنگی کوردی رەچاودەکات، چونکە وامان فێردەکات، ناوی منداڵەکانمان کوردی بێت. زمانی کوردیش زمانێکی دەوڵەمەندە و جۆرەها ناومان هەیە، واتاییەکی بەچێژ وخۆشیان هەیە.زۆربەی


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد (2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ناوە کوردییەکان واتا بەخشن، ناوی نیشتیمانپەروەری و جۆرەها ناومان هەیە لەم چیرۆکە. ((گوتی:ناوی من کامەرانە هیوای کامەرانی و سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم، لەدواییدا داوی لە فێرخوازانکرد، کە ئەوانیش خۆیان بناسێنن، ئەگەر بتوانن، ناوی خۆیان لەڕستەیەکدا بەکاربهێنن، کە پەیوەندیی بە ناوەکانیان هەبێت.))( **لیژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە، پۆلی چوار،٢٠١٨،٢٠)** بۆمان دەردەکەوێت ئەو منداڵانەی ناوی خۆیان دەڵێن ناوی هەموویان کوردییە.ئەو ڕستەییەی کە بەکاریانهێنا ڕستەیەکی واتادارن، چونکە زۆربەی ئەو شتانەی بەسەر میللەتی کورددا هاتووە، وایکردووە خێزانەکان ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن. هەروەها گەلی کورد گەڵێکی هیوا براو نەبووە، بۆیە وایکردووە زیاتر ئەو ناوە کوردییانە بەکاربهێنن لەم چیرۆکەشدا وشەی ئاسان بەکارهاتووە، هانماندەدات ناوی کوردی شارەزا بین، بزانین واتاکانیان چییە ولەبەر چی ئەو ناوانەش دروستبوون و لەبەرچی دایک و باوکان ئەو ناوانە لە منداڵەکانیان دەنێن، ئەو ناخۆشیانەی، کەبەسەر کورد داهاتووە،هەروەها هانمان دەدات بۆئەوەی گرینگی بە ناوی کوردی بدەین و ناوی منداڵەکانمان ناوێکی کوردی بێت.

**تەوەری دووەم/ خستنەڕوو و شیکردنەوەی زانیارییە مەیدانییەکان**

هەروەکو ئاشکرایە،دەستپێکی چوونە قوتابخانە، سەرەتای چونە ناو ژیانێکی جیاواز و فراوانکردنی بیرۆکەکانە لەلای منداڵ، یەکەم هەنگاوی بنیادنانی داهاتووە لە (پیشە، بیرکردنەوە،ڕەوشت...تاد) لەم توێژینەوەیەدا، مەبەستمانە وەکو ئامانج ئەوە دیاری بکەین، کە تا چەند ئە چیرۆك بەگشتی هاوکار ویارمەتیدەری منداڵانە، لە پێشخستنی گەشەی ژیری و زمانی و قسەکردن و بیرکردنەوەیان بۆژیان و داهاتوو،لایەنی پەروەردەییان. لەتەوەری یەکەمدا، ڕەهەندە پەروەردەییەکانی چیرۆکی منداڵان بە ووردی خستۆتە ڕوو، لەم تەوەرەشدا،لە ڕووی تیۆرییەوە چەمکەکانمان ڕاڤە و وەسف کردووە، پاشان دەقەکانمان لەناو کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی شیکردۆتەوە. بۆ ئەم مەبەستە لە ڕێگەی ڕاپرسییەوە بە بەشداری (١٥) مامۆستای زمانی کوردی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بۆ پۆلەکانی (4، 5)ی بنەڕەتی وەڵامەکانمان وەرگرتووە، لەم داتایانەی لای خوارەوە خستوومانەتە ڕوو:-

**خشتەی ژمارە (1)**

(ئایا لە بابەتە ئەدەبییەکانی، کتێبی زمانی کوردی لەڕووی پەروەردەییەوە ڕازیت؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ١٢ | ٨ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (1)دا بۆمان دەردەکەوێت،کە زۆرێك لەمامۆستایان کۆکن لەسەر ئەوەی بابەتە ئەدەبیەکان سوودی بۆ خوێندکاران هەیە، هەرپەرتووکێك کە بۆ خوێندکاران لە قۆناغەکانی خوێندن دادەنرێت، دەبێت هەموو ئامانجەکان تێیدا فەراهەم بکرێت، بەتایبەتی لایەنی پەروەردەیی، چونکەلایەنی پەروەردەیی لەداهاتوودا، کەسایەتی تەواوی منداڵ دەگرێتەوە، بەڵام بەپێی ئەم ئەنجامە ژمارەیەکی کەم لە مامۆستایان کۆک نین لەسەر ئەوەی بابەتە پەروەردەییەکان بتوانێت ئامانجی پەروەردەیی بپێکێت، چونکە پێیانوایە پێویستە پەرتووکی قوتابخانە لەگەڵ سەردەم و بارودۆخ بگونجێت، لە سەردەمی ئێستادا کە سەردەمی تەکنەلۆجیا و زیرەکیی دەستکردە، پێویستە ئامانجی پەروەردە و ئامانجی مامۆستا لەگەڵ تەمەن و بیرکردنەوە و قۆناغی منداڵان بگونجێت.

**خشتەی ژمارە (2)**

( ئایا بابەتە ئەدەبییەکان،بە تایبەتی چیرۆکەکان لەگەڵ تەمەن و ژینگەی قوتابی دەگونجێت؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ١٤ | ٦ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (2)دا بۆمان دەردەکەوێت، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، چیرۆک کاریگەترین چەکە بۆ دروستکردنی کەسایەتیی منداڵ، بێگومان زۆرینەی مامۆستایانیش کۆکن لەسەر ئەوەی چیرۆکەکان کاریگەرییان هەیە و لەگەڵ تەمەن و ژینگەی منداڵ دەگونجێن، ئەمەش ئەو بەڵگەیە دەسەلمێنێت، کە چیرۆک کاریگەری لەسەر منداڵ هەیە، بۆیە زۆربەی مامۆستایان هاوڕان لەگەڵ پرسیارەکە، بەڵام نابێت تەنها جەخت لەسەر ڕێژەی زۆرینەی مامۆستایان بکەینەوە، چونکە بە پێی ڕاپرسیەکە بەشێك لە مامۆستایان پێیان وایە چیرۆک کاریگەری تەواوی نییە، بەڵکوپێویستە زیاتر پەرە بەچیرۆکەکان بدرێت،تاوەکو لەگەڵ بارودۆخی منداڵ بگونجێت.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**خشتەی ژمارە (3)**

(ئایا چیرۆکەکان بنەما پەروەردەییەکانیان تێدایە؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ١٥ | ٥ | 20 |

لە خشتەی ژمارە(3)دا دەردەکەوێت زۆربەی بەشداربووان پێیانوایە هەربابەتێک، کە بۆ قۆناغەکانی خوێندن دادەنرێت،چەند ئامانجێکی لەپشت هەیە، ئەویش پەروەردەکردنی منداڵ و فێربوونیەتی ئامانج لەم پرسیارەی ئێمەش بریتی بوو لە دڵنیابوونەوەی ئاستی پەروەردەکردنی منداڵ لە ئێستادا، لە بەرانبەردا بەشێك لە مامۆستایان پێیانوایە ئەو پەروەردەیەی کە هەیە لەگەڵ منداڵی ئەم سەردەمە ناگونجێت، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی ئامانجی پەروەردە و زۆربوونی موبایل و ئایپاد وئینتەرنێت، منداڵان سەیری سۆشیاڵ میدیا دەکەن و کاریگەریی لەسەر کەسایەتیان هەیە، ئامانجی پەروەردەش لەگەڵ ئەم بارودۆخە ناگونجێت.

**خشتەی ژمارە (4)**

(ئایا چیرۆکەکان دەتوانن لەرووی ئاکاری و پەروەردەییەوە کاریگەری لەسەر قوتابیان. دابنێن؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ١٦ | ٤ | 20 |

خشتەی ژمارە (4) ئەوە روون دەکاتەوە، مامۆستا زۆرترین هەوڵی خۆی دەدات تاوەکو لەگەڵ فێربوون لایەنی پەروەردەش جێبەجێبکات. بتوانێت رەفتاری خوێندکارەکان بگۆڕێت بۆ باشترین، ئێمە پێمانوایە هەرچەندە چیرۆک کاریگەریی لەسەر پەروەردەی منداڵ هەبێت، ئەگەر مامۆستا هەوڵی جێبەجێکردنی ئەم پەروەردەیە نەدات، منداڵ هیچ گۆڕانکاریەک تێدا روونادات، چونکە کاتێک چیرۆک بۆ منداڵ دەخوێنرێتەوە، ئامانجێکی لەپشتە، رەنگە خوێندکار نەزانێت، بۆیە پێویستە مامۆستا باسی بکات خۆشبەختانە لەراپرسیەکەدا زۆرینەی مامۆستایان هاوڕان لەگەڵ پرسیارەکە، ئەمەش سەلماندنی بوونی مامۆستای سەرکەووتوە.

**خشتەی ژمارە (5)**

(ئایا تا چەند چیرۆکی پۆلی (چوار و پێنج)ی بنەڕەتی خەیاڵیان تێدایە؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ١٠ | ١٠ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (5)دا، دەردەکەوێت بەشداربووان بۆچوونیان (نیو بە نیو) جیاوازە لەگەڵ یەکتر دەربارەی پرسیاری: ئایا تا چەند ئەو چیرۆکانی پۆلی چوار و پێنج خەیاڵیان تێدایە؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە مامۆستایانی کرد بە دوو بەشەوە، بەشێکیان وەڵامیان بەڵێ بوو، پێیانوابوو چیرۆکەکان خەیاڵی تێدایە، بەشێکی تریان پێیانوایە چیرۆکەکان خەیاڵی تێدانییە، کەواتە بەپێی بۆچوونی مامۆستایان بۆمان دەردەکەوێت بەشێك لە چیرۆکەکان خەیاڵین و بەشێکیشیان ڕاستەقینەن(واقعین).

**خشتەی ژمارە (6)**

(زمانی نووسینی چیرۆکەکان لەگەڵ بنەماکانی چیرۆکی منداڵان دەگونجێت؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ١١ | ٩ | 20 |

لە خشتەی ژمارە (6)دا دەردەکەوێت زۆرێک لە دایك و باوکان رەخنە لەوە دەگرن، ئەو پەرتووکانەی، کە گۆڕاون بۆ ئاستی منداڵان ناگونجێت، داوا دەکەن هەمان پەرتووکی پێشوو بێتەوە بە پرۆگرامی خوێندن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی تێنەگەیشتنی خوێندکاران و قورسی وشەکان و زوو لەبیرچوونەوەیان، تارادەیەکیش مامۆستایان لەگەڵ ئەو زمانە نین، کە بۆ چیرۆک و بابەتەکانی تر دانراوە، هەمان ئەو هۆکارانەی سەرەوە دەکەنە بیانوو بۆ تێنەگەیشتنی منداڵان لە زمانی چیرۆک.

**خشتەی ژمارە (7)**

( ئایا چیرۆکەکان کاریگەریان لەسەر کەسایەتیی منداڵ دەبێت؟)

| بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|
| ١٥ | ٥ | 20 |


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لە خشتەی ژمارە (7) دا بەشێکی کەم لە مامۆستایان پێیانوابوو چیرۆک کاریگەریی لەسەر گەشەکردنی کەسایەتی منداڵ نابێت، لە بەرانبەردا ژمارەیەکی زۆری مامۆستایان پێیانوایە چیرۆکەکان کاریگەریان لەسەر کەسایەتی منداڵ دەبێت، چونکە چیرۆك وا لە منداڵ دەکات کەسێکی رۆشنبیر و راستگۆ و زمان پاراوی لێدەربچێت.

**ئەنجام**

١. پێویستە پرۆگرامی خوێندن زۆر بە وریاییەوە دابنرێت، بەتایبەت بۆ قۆناغی بنەڕەتی، بەشێوەیەك لەگەڵ قۆناغ و ئاستی تێگەیشتنی خوێندکاراندا بگونجێت، بە پێی گۆرانی بارودۆخ و سەردەم پرۆگرامی خوێندن گۆڕانکاری بەسەردابێت.
٢. لە زۆربەی چیرۆکەکانی پۆلی (چوار و پێنجی)بنەڕەتی رەچاوی دۆخی دەروونی و ئاستی تەمەنی منداڵان کراوە. هاوکات ئەو کارەکتەرانەی لەناو چیرۆکەکاندا هەن، لەگەڵ خەیاڵ و بیرکردنەوەی منداڵان دەگونجێن.
٣. بە گوێرەی ئەو راپرسیەیی ئەنجامانداوە، زۆربەی مامۆستایان بڕوایان وایە چیرۆکەکان کاریگەریان لەسەر کەسایەتیی منداڵ هەیە.
4- چیرۆك دەروازەیەکە بۆ راهێنان و ئاراستەکردنی منداڵانی قۆناغی بنەڕەتی، لەسەر پاك و خاوێن راگرتن و گوێڕایەڵی و خۆشویستنی گیانداران.
5- کاریگەریی چیرۆك وا منداڵی ئەم قۆناغە دەکات شارەزاییەکی باشی لەسەر زمانەکەی خۆی هەبێت و هەروەها هۆکارێکە تا زمانی پاراو بێت، بتوانێت بەباشی قسەبکات و بەۆانبەرەکەی تێبگەیەنێت.

**سەرچاوەکان**

**١. کتێب**

١.ئەحمەد،نەوزاد عەلی (٢٠٠٧)،منداڵ و ئەدەب:چاپی سێیەم،بڵاوکراوە ئەلکترۆنیەکان.
2- لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی چوارەمی بنەڕەتی،٢٠١٨،چاپی یازدەهەم.
3- لێژنەیەک لە وەزارەتی پەروەردە،رێزمان و خوێندنەوەی کوردی قۆناغی بنەڕەتی پۆلی پێنجەم،٢٠٢4،چاپی شازدەیەم.
4-سەعید،ئازاد محەمەد (٢٠١٣)، کورتیلە چیرۆکی کوردی، چاپ و بلاوکراوەی شەهاب، چاپی یەکەم،هەولێر.
5-رەسوڵ،عزەدین مستەفا(١٩٧٠)،ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپخانەی دار و جاحظ، چاپی یەکەم، بەغدا.
6-صابر،رازاو رەشید (٢٠١٠)،چیرۆکی منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر.
7-کەهور،نەوزاد (٢٠١٠)،گەشەکردنی منداڵ، چاپ و بڵاوکراوەی خانی، چاپی یەکەم، دهۆک.
8-کۆمەڵێک نووسەر (٢٠٢٢)،دیداری ئەدەبی منداڵان، یەکێتی نوسەرانی کورد، سلێمانی.
9-مستەفا،کەریم (٢٠١١)، فەلسەفە بۆ منداڵان، کتێبی ئەلکترۆنی.
2- نامەی ئەکادیمی
13-محمد، هێمن جاسم، (٢٠١٥)هونەری گێرانەوە لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا (چیرۆکی منداڵان بە نموونە)، کۆلێژی زمان،زانکۆی سەلاحەدین،هەولێر
14-عەبدولوەهاب،عەدنان عەبدوڵلا،(٢٠١٥)،وەرگرتنی زمان لای منداڵ،نامەی ماستەر،کۆلێژی فاکتەڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی

**3. رۆژنامە وگۆڤار**

10-ئیبراهیم مەولود،عومەرپەیمان (٢٠٢٣)، رۆلی بەها پەروەدەییەکان لە بەرهەمەکانی (جەمال گردە سۆری) دا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ژمارە ٥٤
11-عبداللە، مهاباد کامل (٢٠١٤)،پێوەرە پەروەردەییەکان لە پرۆگرامی خوێندن،، چاپ و بلاوکراوەیی حاجی هاشم، هەولێر.
12-عەزیز،عومەر رزگار،ئۆمەر، ئەحمەد حەمەدئەمین،(٢٠٢٣)گرفتەکانی پرۆگرامی خوێندنی بابەتی مێژووی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی ناوەندی هەولێر، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ژمارە ٥٤.

**٤. سایتی ئینتەرنێت**

15-ئالانی، رەئوف محەمەد، (٢٠٢١)،گرینگی چیرۆک لە پرۆسەی پەروەردەدا،سایتی دیبلۆماتیک
http://www.diplomatic.co.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (9) – العدد(2)، كانون الأول 2025
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

16-حسێن، ئەیوب سلێمان، (٢٠٢٣)ڕاپۆرتێک دەربارەی پەروەردە و فێرکردن، سایتی کوردپیدیا
http://www.kurdi pedia.com
17-ڕابەر، مستەفا، (٢٠٠٩)، بنەماکانی چیرۆک نوسین، سایتی دەنگەکان
http://www.voices.com
18-شوان، ڕەزا، (٢٠١٦) مێژووی ئەدەبی منداڵان، سایتی مێژووی کورد.
http://www.history of kurd.com
19-شوان،ڕەزا،(٢٠١٧)گرینگی کتێبخانای ماڵەوە لە ڕۆشنبیری منداڵان،سایتی وتاری کوردی.
http://WTARIKURD.com
20-شوان، ڕەزا،(٢٠١٦)، گرینگی پلان و بنەما و ئامادەکردنی پرۆسەی خوێندن، سایتی پی کەی یوو میدیا
htpp://www.pku media.com.
٢١-شوان،ڕەزا،(٢٠٢٢)،خەیاڵ لە ئەدەبی منداڵاندا،سایتی چرا
http://www.chra.com
٢2-عەبدوڵا، کەمال (٢٠٢١)،سایتی پەیسەر،کاریگەری چیرۆکی منداڵان لەسەر پەروەردە
https://www.peyserpress.com


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/9.2.7
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)